# نه عێراق وولاَتێکی عەرەبی یە , نه کەرکوك شارێکی کوردی یە !!

لەم ماوەیەدا لە زاری سەرانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە ( هوشیار زێباری , مسعود بارزانی ) دوو فۆرمۆلەی ( عێراق وولاتێکی عەرەبی یە , کەرکوک شارێکی کوردی یە... ) خرایە روو . من لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە بۆچی ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد بووەتە خزمەتچی و هەلگری پەیام و ئایدۆلۆژیەتی دەسەلاتداریەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب !! بەلکو ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە چ شتێک ( چ خواست و بەرژەوەندیەکی سیاسی ) لە پشتی ئەم پێناسانەوە خۆی حەشارداوە و چ پەیوەندیەکی بە دەسەلاتداریەتی سیاسی ئایندەی عێراقەوە هەیە ؟

## ڕیشەی مێژوویی ( عراق وولاتێکی عەرەبی یە )

زیاتر لە چل سال لەمەوبەر کە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دا ڕووخا , مەسەلەی دەسەلات ( هەروەکو ئەمڕۆ ) لەبەردەم حزب و بزووتنەوە سیاسی یەکاندا ئاوەلا بوو , بالی ناسیۆنالیزم ـ ڕیفۆرمیست لە عێراق ( حزبی شیوعی کە نفوزێکی گەورەی کۆمەلایەتی هەبوو) خوازیاری دەسەلات نەبوو , لە پشتی چەندجەنڕالێکی عەسکەری لە پەنا دەسەلاتدا وەستا بوون , بەم هۆیەوە دەروازە و چانسی دەسەلاتی سیاسی بە ڕووی ناسیۆنالیزمی قەومی عەرەبی ( حزبی بەعس ) دا کرایەوە , کە بە توندی تینوی دەسەلات بوون . بەمجۆرە ڕەشترین و ڕاستڕەوترین هێزی سیاسی بورژوازی فرسەتی دەسەلاتی لە عێراقدا کەوتە دەست بۆ بەرپاکردنی حکومەتی بورژوازی لە عێراقدا لەسەر بنەمای ناسنامەی میللی عەرەب .

( ناسنامەی میللی ) ئایدۆلۆژیەتی حاکمیەت و فەلسەفەی دەسەلاتی حکومەتە ناسیۆنالیستە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق بووە بە گشتی و ڕژێمی بەعس بە تایبەتی , ئیتر لەو کاتەوە ( فۆرمۆلەی عێراق ولاتێکی عەرەبی ) یە بووە تەوقێک و کرایە گەردنی خەلکی عێراق , لە لایەکەوە ئەم دەولەتە عەرەبی یە بەم ناسنامە میللی یەوە لە ڕێگای زەبروزەنگەوە خۆی بەسەر خەلکی عەرەب زمانی عێراقدا سەپاند بەوەی کە ئەم دەولەتە هەلقولاوی خاسیەت و تایبەتمەندیە دەروونی یەکانی خەلکی عەرەب زمانە و دەبێت لە ژێر ئالاکەیدا و لەناو حزبە تاقانەکەیدا بتوێنەوە , لە لایەکی تریشەوە ئەم دەولەتە عەرەبی یە بووە ئامرازێک بۆ بە زۆر سەپاندنی جێ و ڕێیەکی نزم تر و پلە دوو بەسەر خەلکی کورد زمانی عێراقدا و سەرهەلدانی قەهراوی ستەمی میللی لە عێراقدا . بەم شێوەیە پرۆسەی مێژوویی ( میللەت سازی ) ناسیۆنالیزمی عەرەب لەسەر دەستی حزبی بەعس لە عێراقدا دەستی پێکرد و دەسەلاتی ڕەشی خۆی بەسەر کۆمەلگای عێراقدا سەپاند , کۆمەلگای نوقمی سەرکوت و زیندان و ئیعدام و بێ مافی و کۆنەپەرستی و شەڕ و کوشتار و کیمیا باران و ئەنفال ... کرد . ئەمە تەجرەبەی 40 سالی ڕابردوی خەلکی عێراقە لەگەل دەسەلاتدارێتی حکومەتی ناسیۆنالیزمی قومی عەرەب کە لەسەر بنەمای ( ناسنامەی میللی عەرەب ) دا مەزرابوو .

هاوکات حزب و هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانیش ( بە تایبەت پارتی و یەکێتی ) بە هەمان دیدگا و ئایدۆلۆژیەتی دەسەلاتەوە , هەویەی میللی کوردی یان کردبووە بنەمایەک بۆناکۆکی و شەڕو سات و سەودا لە پێناو سەهم و بەشی خۆیان لە حکومەتی عەرەبی عێراق دا . هەمیشە زولم و ستەمی میللی سەر خەلکی کوردستان کارتێکی فشار بووە بە دەست ئەم حزبانەوە بۆ شەڕ و سات و سەودا کردن لەگەل حکومەتی مەرکەزی لە پێناو بەشی دەسەلاتی خۆیان . زاراوە و فۆرمۆلەکانی ( ماف و بەشی کورد , ئۆتۆنۆمی, کەرکوک قودس و دلی کوردستانە , فیدرالیزمی قەومی.... ) ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیەتی ئەم حزبانە بووە بۆ دەسەلات و جێ و ڕێ یەکی سیاسی و ئابووری باشتر بۆ سەرمایەداران و بۆرژوازی کورد . بە کردەوەش تا کاتی پێش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بە چەند مانگێکیش هەمیشە چاویان لە مەرحەمەتی دەستی ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس بووە .

بە کورتی مێژووی 40 سالی ڕابردوو , مێژووی ڕەشترین ڕۆژەکانی خەلکی ستەمدیدەی عێراقە کە ناسنامەی میللی بنەمای دەسەلات و حاکمیەتی بۆرژوای عەرەب بوو .

## پاش ڕووخاندنی بەعس :

ئەمڕۆ دوای داگیرکردنی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە , لە لایەکەوە تا ئێستا مەسەلەی دەولەت لە عێراق دا بە کراوەیی ماوەتەوە , لە لایەکی تریشەوە ستەمی میللی لەسەر خەلکی کورد

نەماوە . بەڵام بۆ جارێکی تر لە مێژووی عێراق دا لە بەغداوە لە زمانی سەرانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بانگەشەی دەولەت و حکومەتێکی قەومی ــ مەزهەبی ( عەرەبی ,کوردی, تورکمانی , شیعە , سوونني ...) لەسەر بنەمای ناسنامەی میللی و مەزهەبی و عەشیرەتی .لە باری عەمەلیشەوە ئایندەی سیاسی و حکومەتی ئایندەی عێراقیان بە کێشمەکێشێکی کۆنەپەرستانەی قەومی و تیرە گەری و مەزهەبی سپاردووە , هێندەی تر کۆمەلگای عێراقیان ڕووبەڕووی سیناریۆی ڕەشی شەڕ و کێشەی قەومی کردووەتەوە .شاری کەرکوک بووەتە سەنتێزی ئەم سیاسەت و ئامانجە کۆنەپەرستانەیە .

ڕژێمی بەعس ڕووخا , بەڵام ئایدیۆلۆژیەت و فەلسەفەیەک کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەر دامەزرابوو ستەمی میللی و پاکتاوسازی ڕەگەزی پێ ئەنجام دەدا , ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد هەمان ئاڵای ئەو بەرز دەکاتەوە , بە ناسنامەی کورد بوونی کەرکوکەوە شەڕو کێشەی قەومی دەخولقێنن و ژیان و ئاسایش و ئارامی ژیانی خەلکی ئەو شارەیان تێکداوە , تا لەم ڕێگایەوە سەهم و بەشێکی زیاتریان لە کورسی و وەزارەت دەست بکەوێت . ئەگەر تا دوێنێ پارتی و یەکێتی بە هۆی ستەمی میللی و بوونی ڕژێمی بەعسەوە دەیانتوانی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەلکی کوردستان بن بە دوای خۆیاندا بە کێشی بکەن , بەڵام ئەمڕۆ دەیانەوێ لە ژێر پەردەی ( ناسنامەی میللی کەرکوک ) دا و بە تیژکردنەوەی نووکی ڕمی دەمارگیری میللی وخولقاندنی کێشە و شەڕی میللی خواست وئامانجەکانیان بەدەست بهێنن و لە بەغداد مامەلەی لەسەر بکەن.

ئەوە ڕاستە لە کۆمەلگای عێراقدا خەلک کۆمەلە تایبەتمەندیەکی نەژادی و زمانەوانی و قەومی یان هەیە کە دەکرێت پێناسە بکرێن کە لە هەر یەکەیاندا زمان و داب و نەریتێکی تایبەت ڕەواجی هەیە , بەڵام ئەمانە بناغە و بیانووی پێناسە کردنی( کۆمەل ) نین بۆ دابڕین و جیاکردنەوەی خەلک لە یەکتر . ناسنامە و ئینتمای میللی ناوێکی تری قەوم و نەژاد و زمانی هاوبەش نی یە . بەلکو چەمکێکی ناواقعی و ئیختیاری یە , ئاڵایەکی سیاسی یە بۆ بەدەست هێنانی خواست و بەرژەوەندی و قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو . ئەمەش مەسەلەی بنەڕەتی و ناوەرۆکی هاوبەشی ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردە . هەر بۆیە جێ ی سەرسوڕمان نی یە دووای داڕمانی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەب سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد لە لایەکەوە بۆ بەشی دەسەڵاتی خۆیان لە حکومەتدا هەنگاو دەنێن و لە لایەکی تریشەوە دەستی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەگرن و دەبنە دەم سپی و خەمخۆری دەولەتی عەرەبی عێراق , کە هیچ پەیوەندیەکی بە ماف و بەرژەوەندی و چارەنووسی خەلکی) عێراقــەوە ( عەرەب و کورد .. )وە نی یە .

تا دوێنێ کە ستەمی میللی لەسەر خەلکی کوردستان بوو مەترسی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعسیان لەسەر بوو , ئەم حزبانە ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە بۆ ڕای خەلکی کوردستان کە لە ڕیفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن , لە سەروو خەلکی کوردستانەوە بە ئاشکرا و نهێنی لە پەیوەندی و سات و سەودادا بوون لە گەل ڕژێمی بەعس . ئەمڕۆش کە ئەو ڕژێمە و ستەمە میللی یەکەی نەماوە , خەریکی پێناسە کردن و ناسنامەی میللی خەلک و شار و شارۆچکە و گرد و تەپۆلکە و خولقاندنی کێشە و شەڕی میللین لەناو خەلکدا , تا بە ناوی ناسنامە و ئینتمای میللی یەوە لە حکومەت و دەولەتی قەوم و قەبیلەکاندا جێ و ڕێیەکی باشیان بە ناوی ( کورد ) ەوە پێ بدرێت .

فۆرمۆلەی ( عێراق وولاتێکی عەرەبی یە ) و ( کەرکوک شارێکی کوردی یە ) بۆ ئارایشت دا نەوەی دەسەلات لە عێراق دا , دوو شیعار و ئامانجی کۆنەپەرستانەی ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەبە بۆ ئەوەی جارێکی تر دوای 40 سال کۆمەلگا بخەنەوە ژێر چنگی ناسیۆنالیزم .

بەلام خەلکی عێراق سەرەڕای تەجرەبەی تالــی 40 سالی حاکمیەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب و 12 سالی حاکمیەتی ناسۆنالیزمی کورد , هاوکات ئەمڕۆ ژیان وچارەنووسێکی هاوبەشیان لەبەردەم دایە و خوازیاری کۆمەلگایەکن کە هەموو دانیشتوان ( بە بێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی درۆزنانەی میللی ودینی عەشیرەتی ) مافەکانیان بە چاوێکی یەکسان سەیر بکرێت , وولاتێکی خالی لە تەفرەقە و کێشە و شەڕی میللی و مەزهەبی یان هەبێت و لە ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر بەهرەمەند بن . ئەمەش لە گرەوی هەول و خەباتی هاوبەشی خەلکی عێراقە بۆ بە شکست کێشانی ناسنامەی میللی و مەزهەبی دەولەت و حکومەتی ئایندەی عێراق , و دامەزراندنی دەولەتێــکی سکۆلار و مەدەنی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی .

سامان ئەحمەد 2003 / 10 / 1 سوئید
samanahmadk@yahoo.com